گۆرانی فۆلکلۆری

ساوار کوتانەوە

سەردەدین نورەدین ئەبوبەکر

ڕۆڵەکانی کورد لە کاتی کارکردن و بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا گۆرانی میللی(بە هەڵبەست و ئاوازەوە) دەچڕن، کە دەنگی خۆش و ئاوازی پڕ سۆزو خرۆش و هۆنراوەی ڕەوان و بەجۆش و فڕێن هۆش لە گۆرانییەکدا یەکدەگرنەوەو، خۆشی و سەرگەرمییەک گەنج و دڵتەڕان مەست دەکات و لەگەڵیدا گەرم دادێن و ، دەوروژێن و هەڵدەچن و شەکەتییان لە بیر دەچێتەوە.

گوندنشینان لە پایزدا گەنم دەکوڵێنن و هەڵیدەخەن و وشکی دەکەنەوە، کە گەنمیش وشک بووەوە دەبێ بکوترێ بۆ ئەوەی پەلکەکەی لێ ببێتەوەو ببێتە ساوار، کوتانیش بەهۆی کوتکێک و جۆنییەکەوە دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە دروستەکرێن.

پێشان لە ناو کوردەواریداو لە چەند ماڵێکدا کوتکی دار هەبووە، کە خەڵکی گوندی بەخێر و بە هەرەوەزی بەکاریان دەهێنا بۆ ساوار کوتانەوە.

هەروەها چەند ماڵێکیش قۆرتیان لە پێش ماڵی خۆیان لێدەدا، کە بەو قۆرتانەیان دەگوت(جۆنی) یان(قۆرتی ساواری). ئەو قۆرتانە بازنەیی بوون و نزیکەی سێ بست یان چوار بست قوول و فراوان بوون و بەقوڕ سواق دەدران و بۆ ساوار کوتانەوە ئامادە دەکران.

ماڵی خاوەن ساوار، سەر لە ئێوارە خۆیان ئامادە دەکرد، کوتکیان لە خاوەن کوتکەکان دەخواست و، جەواڵە پڕ ساوارەکانیان لە نزیک قۆرتەکان دادەناو، هەندێ شەوچەرەشیان ئامادە دەکرد وەک قەسپ، یان ترێ یان دانەوێک ئەگەر هەبوایە، یان هەر خواردنێکی دیکە، هەروەها بە ڕۆژ گەنجانی گوند ئاگادار دەکرانەوە کە ئەم شەوە لە ماڵی فلانە کەس ساوار کوتانەوە هەیە، گەنجەکانیش لە خوایان دەویست، چونکە ئەم شەوە دەبووە بەزم و ڕەزم و هەراو گۆرانی خۆش دەگوترا، کچانی ماڵەکەش لە دەوریاندا دەسووڕانەوە و ناوە ناوە ئەو ساوارە لە قۆرتەکە دەردەچوو دەیانهاوێشتەوە ناو قۆرتەکەوەو هانی گەنجەکانیان دەدا.

بۆ ساوار کوتانەوە چوار گەنج، هەریەکەیان کوتکێکیان بەدەستەوە دەگرت و هەر دووانیان بەرامبەر یەکدی لەسەر قۆرتەکە ڕادەوستان، هەر جارەی دوانیان دادەوەرانەوەو کوتکیان بە ساوارەکەی ناو قۆرتەکە دادەداو ئەم دووە ڕاست دەبوونەوە دووەکەی دیکە دادەوەرانەوەو کوتکەکەی خۆیان بە ساوارەکە دادەدا، کابانی ماڵەکەش ئەو ساوارەی لە جۆنیەکە دەردەچوو بەرە بەرە دەیهاوێشتەوە ناو قۆرتەکە. لەگەڵ وەشاندنی کوتکەکانیشدا یەکێکی دەنگ خۆش لەوانەی کوتکیان بەدەستەوە بوو گۆرانی دەگوت و ئەوانی دیکەش بۆیان دەگێڕایەوە، بەم جۆرە چەند جۆنییەکیان دەکوتا هەتا ماندوو دەبوون، ئەگەر ساوارەکە زۆر بووایە، ماوەیەک دەحەسانەوەو شەوچەرەیان دەخواردو نوکتەی خۆشیان دەگێڕایەوەو پاش حەسانەوە دیسان هەڵدەستانەوە ساوارەکەیان دەکوتایەوە.

ئەم گەنجانە کە لەگەڵ ساوار کوتانەوە گۆرانیان دەگوت، کوتکەکانیان بەرز دەکردەوەو دەنگ خۆشەکە هاواری دەکرد:

«حاللا، یاللا، لێدە زوو، بیکوتە زوو، ئەم ساوارە، گەنمی پارە، کابان هارە، ئەوی بیخوا ژەهری مارە، حاللا، یاللا، لێیدە زوو...

ئەمانەی خوارەوەش چەند هۆنراوەییەکی فۆلکلۆرین کە لەکاتی ساوار کوتانەوە دەگوتران:

هەروا دەڕوا لۆسەر بیرێ — چارۆک مەڕەزێ چوشتیرێ
ڕەبی ئێرە بە قوڕ گیرێ — بەدکار زۆرن دەست ناگیرێ
هەروا دەڕوا لۆ سەر ئاوێ — بەژن بڵندی بەئەک چاوێ
زڕی و پڕلیەی دەکا ڕاوێ — ئەمنی گرتیەو ئەتۆی ناوێ
هەروا دەڕوا بنەو بنە — خانیێ بابی بەلەکبنە
سۆڵی زەردی مەحسی چنە — خۆی لێ مەدەن بێوەژنە
هەروا دەڕوا خۆی دەشلێنێ — پەنجەو پانیان لۆبەک دێنێ
دوگمەی سوخمەی دەترازێنێ — قەسدێ دەکا بمبەستێنێ
هەروا دەڕوا شیلان شیلان — بارە کەوێ لەبەر دڵان
چارۆگەی شێن لەسەر پیلان — یان دۆستم بە یان دەستگیران
هەروا دەڕوا دەڵێی پۆرە — گوارەی ئالتون لە گوێی شۆرە
بەچاوی من لێی بنۆرە — توخوا نازدار دڵ مەگۆرە